وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرە کتێبی منداڵان

# ساڵی کوردی

(هۆنراوە)

کازم کۆیی

**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**
**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

ناوی کتێب: ساڵی کوردی
زنجیرەی کتێب: ١٢
نووسینی: کازم کۆیی
دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید
وێنەکێش: پەخشان گەلاڵی
پیتچنین: میدیا خالید
سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان
ژمارەی سپاردن: (٥٠٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٦
چاپ: یەکەم - ٢٠٠٦
چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخی: ٥٠٠ دینارە

# وتەیەک

**منداڵە ئازیزەکان**

**باوک و دایکانی بەڕێز**

**مامۆستایانی مۆم ئاسا**

هەربژین بەخۆشی و هەرسەرکەتووبن لەژیانتانا بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوونتان بە وەرزو مانگ و ساڵی کوردی ئەم نامیلکەمان بە چاپ گەیاند هیوادارین لەدوارۆژێکی نزیک لە کوردستانێکی ئازادو لەژێر ئاڵای وڵاتێکی سەربەخۆ کاری پێبکرێت، بەهیوای سوودمەندی و هەربژین.

**کازم کۆیی**

٢٠٠٥/٦/٢٥



منداڵانی جوان وەرن
زانیاری نوێ وەرگرن

ساڵی کوردی بزانن
زیرەك بن تا دەتوانن

من ساڵم زۆر قەشەنگم
چوار وەرزم دوانزە مانگم





ئەمن وەرزی بەهارم
ڕازاوەمەو سازگارم



من یەکەم مانگی ساڵم
نەورۆزی ئاڵ و واڵم



منیش مانگی گوڵانم
ڕەنگینە گوڵستانم





من مـــــانگی جــــۆزەردانم
ئاهەنـگی جـــووتـیـــارانم





منیش وەرزی هاوینم
گەرمایەکی بەتینم





من پووشپەڕم مــن پووشپەڕ
گیـــام وشـکە لە دەشـت و دەر





من مـــانگی خـــەرمـــانانم
سەیـــری گەنم و جـــۆی جوانم





من مانگی گەڵاوێژم
شەو کورت و رۆژ درێژم






منیش وەرزی پاییزم
مات و بێ رەنگ و کزم



ئەمـن مـــــانگـــی ڕەزبەرم
تێــر بخـــۆن مـیـــوەی نەرم




منیش گەڵا ڕێزانم
بۆ گەڵان دارەکانم



من مانگی سەرماوەرزم
لە سەرمانا دەلەرزم



منیش وەرزی زستانم
تەزرەو بەفرو بارانم



من مانگی بەفرانبارم
تارای سپی دێ و شارم





من مانگی ڕێبەندانم
ڕێگری ڕێبوارانم




منم مـــانگی رەشـــەمـە
ئازووقـەی ســالێم کـەمـە

چوار وەرزو دوانزە مانگین
چەپکە گوڵی قەشەنگین
هەر چەند لێك جیاوازین
خۆشی بۆ کورد دەخوازین

هەوڵ دەدەین پێکەوە
خاکمان بڕازێتەوە

بژی کوردو ساڵەکەی
ئاوەدان بۆ ماڵەکەی



## باسێکی کورتی ساڵی کوردی

سەری ساڵی کوردی هەموو ساڵێک لەرۆژی جەژنی نەورۆزی پیرۆز کە دەکاتە(٢١)ی مانگی ئاداری ساڵی زایینی دەست پێدەکات ساڵی کوردی(٧٠٠) حەفسەد ساڵ پێش ساڵی زایینی دانراوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی(ماد)یا(میدیا) کە پایتەختەکەی(هەمەدانا) بووەو ئەوساکە پێیان وتووە(ئەکباتان) واتە ئەگەر(٧٠٠) بخەینە سەر ساڵی زایینی ئەوا ساڵەکە دەبێتە ساڵی کوردی وەک(٢٠٠٥+٧٠٠)= ٢٧٠٥

شەش مانگی یەکەمی ساڵی کوردی(٣١) رۆژن واتە لەنەورۆزەوە تا گەلاوێژ (٥) مانگی دواتر(٣٠) رۆژن واتە لەرەزبەرەوە تا رێبەندان دوا مانگیش (رەشەمە)(٢٩) رۆژەو چوار ساڵ جارێک دەبێت بە(٣٠) رۆژ.

## وەرزو مانگەکانی ساڵی کوردی

**وەرزی (کژی) بەهار:**

١- **نەورۆز:** لە دوو ووشە پێک هاتووە(نەو)واتە نوێ (رۆز) واتە رۆژ واتای(رۆژی نوێ) دەبەخشێت هەروەها بەم مانگە(خاکە لێوە)و(ئاخە لێوە)شی پێ وتراوە.

ئەم مانگە(٣١) رۆژە لە (٢١) ئادار تا(٢٠) ی نیسانە.

**٢- گوڵان:** واتە لەم مانگەدا گوڵ زۆر دەبێت.

هەروەها بەم مانگە(شەستە باران) و(بانەمەڕ)یشی پێوتراوە ئەم

مانگە(٣١) رۆژە لە (٢١) ی نیسان تا (٢١)ی ئایارە.

**٣- جۆزەردان:** لەم مانگ جۆ زەرد دەبێت و کامڵ دەبێت.

هەروەها بەم مانگە(بارانباران) و(بەختەباران)یشی پێ وتراوە ئەم مانگە(٣١) رۆژە لە(٢٢) ی ئایار تا (٢١)ی حوزەیرانە.

**وەرزی هاوین:**

**٤- پووشپەڕ:** لەم مانگەدا گیاو وشک دەبێت و دەبێت بە پووش و دەشکێتەوە ئەم مانگە (٣١) رۆژە لە (٢٢)ی حوزەیران تا (٢٢) تەمموز.

**٥- خەرمانان:** لەم مانگەدا خەرمانی گەنم و جۆ هەڵدەخرێت و هەڵدەگیرێت ئەم مانگە(جۆخینان)و(زەخیرانیشی) پێ دەڵێن.

ئەم مانگە (٣١) رۆژە لە(٢٣)ی تەمموز تا (٢٢)ی ئابە.

**٦- گەلاوێژ:** لەم مانگە ئەستێرەی گەلاوێژ هەڵدێت و دەردەکەوێت ئەم مانگە لە(٢٣)ی ئاب تا(٢٢)ی ئەیلوولە(٣١) رۆژە.

**وەرزی پاییز:**

**٧- ڕەزبەر:** لەم مانگەدا ڕەزوباخ بەریان پێدەگات ئەم مانگە لە (٢٣)ی ئەیلوول تا (٢٢)ی تشرینی یەکەمە(٣٠) ڕۆژە.

**٨- گەڵاڕێزان:** لەم مانگەدا گەڵای دارو درەخت دەوەرێت.

ئەم مانگە(خەزەڵوەر)و(سەرپەڵە)ش پێ دەڵێن ئەم مانگە(٣٠) رۆژە لە (٢٣) تشرینی یەکەم تا (٢١) تشرینی دووەمە.

**٩- سەرماوەرز:** لەم مانگەدا دونیا سەرما دەبێت و پلەی گەرمی دادەبەزێت.

ئەم مـانگە(٣٠) رۆژە لە(٢٢) تشـرینی دووەم دەست پێـدەکـات تا(٢١) ی کانوونی یەکەم

**وەرزی زستان:**

**١٠-بەفـرانبـار:** لەم مـانگە بەفـر دەبارێت ئەم مـانگە(٣٠) رۆژە لە (٢٢)ی کانوونی یەکەم تا(٢٠)ی کانوونی دووەم.

**١١- رێبەندان:** لەم مانگەدا لەبەر زۆری بەفربارین رێگای هاتوو چۆ دەگیرێت.

ئەم مانگە(٣٠) رۆژە لە(٢١) کانوونی دووەم تا (١٩)ی شوباتە.

**١٢- رەشەمە:** لەم مانگدا زەخیرەی (ئازووقەی ساڵ کەم دەبێتەوەو کۆتایی زستانە ئەم مانگ(رەشەمێ)و(کۆڵە مانگ)یشی پێ دەڵێن ئەم مـانگ(٢٩) رۆژەو چوار سـاڵ جـارێک دەبێت بە(٣٠) رۆژ لە(٢٠)ی شوبات دەست پێدەکات و لە (٢٠)ی ئادار کۆتایی دێت.

# چەند پەندێکی کوردی

١- بەری رۆژ بەبێژینگ ناگیرێ.

٢- سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار.

٣- چی بچێنی ئەو ئەدرویتەوە.

٤- کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.

٥- پێ بەقەدەر بەڕەکەت ڕاکێشە


٦- لەش ساغی پاشایی یە.

٧- سواری ئەسپی خەڵکی بیت هەر پیادەیت.

٨- پیری و هەزار عەیب.

٩- جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ.

١٠- چاوی لەدەرێ خۆڵی تێوەرێ.



ژیاننامەی شاعیر:

* ناوم: (کازم عەبدوڵڵا تۆفیق)ە.
* لەساڵی (١٩٥٥) لەشاری (کۆیە)ی ئەدەب و هونەرو کوردایەتی هاتوومەتە دونیا.
* دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی سلێمانیم ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤).
* ئێستا (بەڕێوەبەری تەکنیکی پێشکەوتووم) لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر وەک مامۆستایەکی تەکنیکی کاردەکەم.
* ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردم - لقی هەولێر.
* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانم.

## بەرهەمە چاپکراوەکانم

١- نامیلکەی دوای راپەرین ١٩٩٢ کەچەند شیعرێکی لەسەر بارو دۆخ و ژیانی ئەم ساڵەی لەخۆ گرتووە.

٢- نامیلکەی(کەوەکەم) شیعری منداڵان.

٣- نامیلکەی(هەڵۆ) شیعری منداڵان.

٤- دیوانی شیعری (جۆلانەو سێدارە) ١٩٩٦ کۆمەڵە شیعرێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و دڵداری گرتۆتە خۆ.

٥- دیوانی شیعری(گوڵزاری منداڵان) ١٩٩٨ شیعری منداڵان.

٦- ساڵنامەی کوردی ساڵی (٢٦٩٨).

٧- ساڵنامەی کوردی ساڵی (٢٦٩٩).

٨- ساڵنامەی کوردی ساڵی (٢٧٠٠).

٩- کتێبێکی ئامۆژگاری و هێماکانی هاتووچۆ.

١٠- پۆستەری پەروەردەیی(منداڵی ژیر)(٢٠٠٠) کە جوڵانەوەو هەڵسوکەوتی قوتابیان لە(٢٤) کاتژمێر دەردەخات بەشیعرو وێنەی رەنگاو رەنگ.

١١- گەشتی دارستان ساڵی(٢٠٠٠) بەشی یەکەم شیعری منداڵان.

١٢- پۆستەری کوتانی پێویست بە(دایک و منداڵ)(٢٠٠٠).

١٣- دیوانی شیعری (گەرمی تیشک) ساڵی(٢٠٠٠).

١٤- پۆستەری (مافەکانی منداڵ) بەهۆنراوەو وێنەی رەنگاو ڕەنگ.

١٥- ساڵنامەی کوردی ساڵی (٢٧٠٢).
١٦- گەشتی دارستان (٢٠٠٠) بەشی دووەم هۆنراوە.
١٧- کتێبی شیعری (هەندەران و هەواری من) (٢٠٠٢).
١٨- کتێبی شیعری (چەتری هەناسە) ٢٠٠٢.
١٩- پۆستەری (مافەکانمان)(٢٠٠٣) هۆنراوە.
٢٠- پۆستەری (شانۆی ژیان) تایبەت بەکەمئەندامان (٢٠٠٣) هۆنراوە.
٢١- نامیلکەی(قوتابی و هاتوو چۆ) (٢٠٠٣) هۆنراوەو وێنمایی.
٢٢- ساڵنامەی کوردی ساڵی (٢٧٠٤).
٢٣- کتێبی شیعری (گەشتی دڵان)(٢٠٠٤) هۆنراوە.
٢٤- ئۆپەرێتی (تالا سیمیا) کە تایبەتە بەم نەخۆشیە (٢٠٠٤).
٢٥- ساڵنامەی کوردی ساڵی(٢٧٠٥).
٢٦- کتێبی شیعری (هاواری هەست)(٢٠٠٥).
٢٧- نامیلکەی ئاوێنەی شارستانی (٢٠٠٥) هۆنراوە
٢٨- نامیلکەی بخوێنن(٢٠٠٥) هۆنراوە.
٢٩- نامیلکەی ساڵی کوردی کە لەبەر دەستتاندایە بەهیوای رەزامەندیتان- لەگەڵ رێزمدا.

# ساڵی کوردی

ڕۆڵەکەم هەردی بڵێ بەوردی
چین مانگەکانی ناو ساڵی کوردی
بەڵێ ئامادەم بەڵێ مامۆستا
هەموان دەزانم دەیڵێم هەر ئێستا
یەك نەورۆز، دوو گوڵان، سێ جۆزەردان،
چوار پووشپەڕ، پێنجەم مانگی خەرمانان
گەلاوێژ، ڕەزبەزو گەلاڕێزان
سەرماوەرز، بەفرانبار و ڕێبەندان
مامۆستا لەدوای مانگی ڕەشەمێ
یەکجاری کۆتایی ساڵەکە دێ
دەی هەموو چەپڵەیەك لێدەن بۆ هەردی
کەزانی هەر دوانزە مانگی کوردی